ئەی پێغەمبەری خودا، ئایا پاداشتم بۆ هەیە لە خەرجکردن بۆ منداڵەکانی ئەبی سەلەمە، بۆئەوەی جێیان نەهێڵێم ئاوا وئاوا (بڵاو بنەوە بۆ داواکردن لەخەڵکی)؛ لەکاتێکدا ئەوان منداڵی منن؟ فەرمووی: بەڵێ، پاداشتت بۆ هەیە لەسەر خەرجکردن بۆیان

لە ئوم سەلەمە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «ئەی پێغەمبەری خودا، ئایا پاداشتم بۆ هەیە لە خەرجکردن بۆ منداڵەکانی ئەبی سەلەمە، بۆئەوەی جێیان نەهێڵێم ئاوا وئاوا (بڵاو بنەوە بۆ داواکردن لەخەڵکی)؛ لەکاتێکدا ئەوان منداڵی منن؟ فەرمووی: «بەڵێ، پاداشتت بۆ هەیە لەسەر خەرجکردن بۆیان».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئوم سەلەمە -ڕەزای خوای لێبێت- بە پێغەمبەری خودا ووت -صلى الله عليه وسلم- : ئایا پاداشتم بۆ هەیە لە قیامەتدا ئەگەر خەرجی بکەم بۆ منداڵەکانی ئەبی سەلەمە وپێداویستیەکانیان جێبەجێ بکەم، بۆئەوەی جێیان نەهێڵێم ئاوا وئاوا (بڵاو بنەوە بۆ داواکردن لەخەڵکی)؟ یان پاداشت بۆ من نییە چونکە دەبێت من ئەمە ئەنجام بدەم چونکە ئەوان منداڵی منن؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێی فەرموو بەڵێ، پاداشتت بۆ هەیە لەسەر خەرجکردن بۆیان.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4959

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee